ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

ژمارەی داهاتوو:
» فەنتازیا و چیرۆکەکانمان
» ئێمە بۆ دەنووسین؟

www.rudaw.net email: bijar.hekim@rudaw.net
ژمارە (7) دووشەممە 2017/2/13

# دیارترین شەش ڕۆمانی هەڵبژێردراو بۆ خەڵاتی پووکەر




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە کۆی 186 ڕۆمان کە ئەمساڵ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نێونەتەوەیی پووکەر بۆ ڕۆمانی عەرەبی پێشنیاز کراون، ناوەڕاستی مانگی رابردوو 16 ڕۆمان هەڵبژێردران کە چواریان عێراقین و ئەوانی دیکەش سەر بە 18 وڵاتی عەرەبین.
ئەم کارە ئەدەبییانە لەلایەن لیژنەیەکەوە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە کاندید کراون کە لە پێنج کەس پێکهاتوون و خانمە ڕۆماننووسی فەلەستینی سەحەر خەلیفە، سەرۆکایەتی دەکات.
لیژنەی خەڵاتی نێونەتەوەیی بۆ ڕۆمانی عەرەبی کە لە میدیای عەرەبیدا بە خەڵاتی پووکەر ناسراوە، بۆ خولی دەیەمی خەڵاتەکە کە ئەمساڵ بەڕێوەدەچێ، ئەم 16 کارەی بۆ لیستە درێژەکە دەستنیشان کردوون، بەڵام لیستە کورتەکە کە دامەزراوەی پووکەر لە لەندەن سەرپەرشتیی دەکات، تەنیا شەش ڕۆمان لەخۆ دەگرێ و وا بڕیارە ڕۆژی 16ی ئەم مانگە رابگەیێنرێ. هەریەک لەم شەش کارە خەڵاتی باشترین کارە ئەدەبییە عەرەبییەکانی ئەمساڵ وەردەگرن و ڕۆژی 25ی نیسانی داهاتووش، هاوکات لەگەڵ کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە ئەبوزەبی، باشترین ڕۆمان لەنێو ئەو شەش ڕۆمانە هەڵدەبژێردرێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی یەکەم.
ڕۆمانە هەرە دیارەکان بریتین لە: (ڕێگاکان)ی نووسەری کوێتی ئیسماعیل فەهد، (مەغریبییەکان)ی نووسەری مەغریبی عەبدولکەریم جوەیتی، (کوشتارگەی فەیلەسووفەکان)ی نووسەری سووری تەیسیر خەڵەف، (کوڕەکانی گیتۆ- ناوم ئادەمە)ی نووسەری لوبنانی ئیلیاس خوری، (کوشتنی کتێب فرۆشەکە)ی نووسەری عێراقی سەعد محەممەد ڕەحیم، (سەیرانگەی جادووگەران)ی نووسەری سوودانی ئەمیر تاج ئەلسرڕ. هەروەها (هۆت مارۆک)ی نووسەری مەغریبی یاسین عەدنان، (ژوورێک بەس نییە)ی نووسەری ئیماراتی ساتان ئەلعومەیمی، (سفاستیکا)ی نووسەری عێراقی عەلی غەدیر و (ڕۆژانی خۆڵ)ی نووسەری عێراقی زوهێر ئەلهیتی.

## خوێندنەوەیەکی کورت بۆ چەند ڕۆمانێکی نێو لیستەکە:

### ■ (فەرهەنگ)ی سینان ئەنتوان:

سینان ئەنتوان لە ڕۆمانە نوێیەکەیدا بەناوی «فەرهەنگ» چیرۆکی دوو کەسایەتی عێراقی دەگێڕێتەوە، یەکەمیان لە بەغدا و دووەمیان لە ئەمریکا دەژین و دوای گەڕانەوەی دووەمیان بۆ بەغدا لە ساڵی 2003، هەردوو دەکەونە گفتوگۆ و یادگارییەکانیان دەخەنەوە گەڕ. ئەوان لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە باسیماڵوێرانییەکانی عێراق دەکەن.

### ■ (ژووری جاڵجاڵۆکە)ی محەممەد عەبدولنەبی:

ئەم ڕۆماننووسە میسرییە باس لە جیهانی هاوشێوەی سێکسی و ژیانی هاوشێوەییەکان دەکات لە کۆمەڵگەی میسریدا. وێڕای ئەوەی ئەم بابەتە پرسێکی نوێ نییە لە ڕۆمانی عەرەبیدا چونکە کەسایەتی هاوشێوەییەکان لە چەندین ڕۆماندا بەکەسایەتیی مامناوەند ڕۆڵیان پێدرابوو. بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی (باڵەخانەی یەعقوبیان)ی عەلا ئەلئەسوانی و ڕۆمانی (چەقۆ لە مەتبەخەکانی ئەم شارەدا نییە)ی خالید خەلیفە و ڕۆمانی (لیمبۆ بەیرووت)ی هیلال شۆمان.

### ■ (پاولۆ)ی یوسف رەخا:




ڕۆمانی ئەم نووسەرە میسرییە بە ئەدەبی دوای شۆڕشی میسری هەژمار دەکرێت، کۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی یەنایەری 2011 و قۆناغی دواتری شۆڕش دەگێڕێتەوە.

### ■ (مردنێکی بچووک)ی محەممەد حەسەن عەلوان:

نووسەری ئەم ڕۆمانە بۆ سەدەکانی دوانزە و سیانزەمان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی باس لە چیرۆکی یەکێک لە گەورەترین سۆفیگەرانی مێژووی ئیسلامی بکات کە شێخ محیەددین ئیبن ئەلعەرەبییە. ئەم ڕۆمانە لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەم سۆفیە بەناوبانگەوە دەستپێدەکات کاتێک باوکی لە کۆشکی پاشای مەرابیتی «ئیبن مەردیش» کار دەکات.

### ■ (ساڵی ڕادیۆ)ی رینیە ئەلحایك:

ئەم ڕۆماننووسە چیرۆکی ساڵێکی تێروتەسەلی ڕۆژانەی کچە گەنجێک لە بیستەکانی تەمەنیدا دەگێڕێتەوە. لەو ساڵەی کە میوانی بەرنامەیەکی ڕادیۆ دەبێت بۆ ئەوەی ئامۆژگاری پێشکەشی دایک و باوکان بکات بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان و ڕۆمانەکەش بەهۆی ئەم کارەوە بە ساڵی ڕادیۆ ناونراوە.

### ■ (بەسەرهاتی کۆیلەکان)ی نەجوا بن شەتوان:

ئەم نووسەرە باسی پرسی کۆیلایەتی لە لیبیا دەکات و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێش سەردەمی داگیرکاریی ئیتاڵی و دیوە تاریکەکەی مێژووی لیبیامان نیشان دەدات.




## خەڵاتی پووکەر

خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆمانی عەرەبی کە بە (پووکەر) ناسراوە، گرنگترین خەڵاتی ئەدەبییە بۆ ڕۆمانی عەرەبی، بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی چڕوپڕ ڕووماڵی دەکات و جێی بایەخی زۆری ئەدیب و نووسەرانە و گرنگی زۆر بە ڕۆمان و چیرۆک دەدات. هەروەها سەرنجی وەشانخانەکان ڕادەکێشێت دوای ئاشکراکردنی ناوی ڕۆمانەکان و دەست دەکرێت بە وەرگێڕانیان بۆ زمانە بیانییەکان.
ساڵی 2011 زۆرترین خانمە ڕۆماننووسی عەرەب خەڵاتیان بەدەستهێنا کە 7 ڕۆماننووس بوون لە کۆی 28 ڕۆماننووس و ساڵی 2012ش کەمترین بەشدارییان هەبوو کە تەنیا یەک خەڵات بوو بۆ خانمە ڕۆماننووسەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا، دیارترین ئەو وڵاتانەی کە خانمە ڕۆماننووسەکان خەڵاتیان تێدا وەرگرتووە، بریتین لە: لوبنان 6 خەڵات، سووریا 5 خەڵات، سعودیە و عێراق و میسر 3 خەڵات، فەلەستین 2 خەڵات و لیبیا 1 خەڵات.
ساڵانە یەک ڕۆمان دەبێتە براوەی خەڵاتەکە، بەڵام ساڵی 2011 دوو ڕۆمان خەڵاتەکەیان بەدەستهێنا. لە مێژووی ئەم کێبڕکێیەدا یەک جار نووسەری ژن خەڵاتی کێبڕکێکەی بەدەستهێناوە، ئەویش خانمە نووسەری سعودی، ڕەجا عالم بوو بۆ ڕۆمانی (گوق الحمام). ئەم کێبڕکێیە لەلایەن دامەزراوەی پووکەر پڕایز و بە هاوکاریی دەستەی ئەبوزەبی بۆ گەشتوگوزار و ڕووناکبیری لە ئیمارات بەڕێوەدەچێت. یەکەم خولی ئەم کێبڕکێیە ساڵی 2008 بوو.

# سەرچاوەکانی هونەری مۆدێرن

سەرکەوت نەجات

لەوانەیە وێکچوونی جوانترین پەیکەرەکان کە ئەمرۆکە دەیبینین لەگەڵ پەیکەرە یۆنانییەکان، زۆرتر لە وێکچوونی ئیفیکڵس و هێرکولی برای نەبێت. بەڵکوو سپارتیەکی گەنج بهێننە پێش چاوتان: منداڵی ژن و پیاوێکی قارەمان کە گیرۆدەی جلوبەرگە تەسک و تەنگەکانی ئەمرۆ نییە، لە تەمەنی 7 ساڵییەوە بە رووتی و لەسەر زەوی نووستووە و هەر لە منداڵییەوە فێری زۆران و مەلەکردن بووە. ئەم سپارتیە لەگەڵ سپارتییەکی گەنجی ئەمرۆیی دابنێن و ئینجا بڵێن کە شێوەکار کام یەک لەمانە وەک مۆدیلێک بۆ کاراکتەری «تسۆئێس»ی گەنج هەڵدەبژێرێ.

لەگەڵ ئەم وەرزشانەدا، جەستە دوور دەکەوێتەوە لە هەموو جۆرە بەزێکی زیادە و بارێکی جوان و رەسەن و پیاوانە کە مامۆستایانی یۆنانی دەیانبەخشی بە پەیکەرەکانیان، وەدەست دێنێ. لەو سەردەمەدا لە هەر شتێک کە فۆرمی لاشەی تێکبدایە، دوورە پەرێزییان دەکرد. ئالسیبیادس لە سەردەمی گەنجێتیدا فلووتی لێ نەدەدا، چونکە لەوانە بوو فۆرمی دەموچاوی تێکبدات. بێجگە لەمەش جلوبەرگی یۆنانییەکان بەشێوەیەک دیزاین دەکرا کە رێگا لە گەشەکردنی سروشتیانەی جەستە نەگرێت، لە حاڵێکدا کە ئەمرۆکە ئەم جلوبەرگە تەنگانە زیان بە جوانی سروشتیی جەستەمان دەگەیەنن بەتایبەت بە مل، کەمەر و ڕان. تەنانەت ژنی یۆنانی خۆی لە هەر جۆرە مۆدێکی تەنگ دەپاراست.

قوتابخانەی هونەرمەند، یاریگە بوو، لەوێدا ئەو گەنجانەی کە بەهۆی شەرم و حەیاوە جلوبەرگی سادەیان لەبەر دەکرد، بە رووتی وەرزشیان دەکرد. یاریگە شوێنی کۆبوونەوەی هونەرمەندان و هەروەها فەیلەسووفان بوو: سۆقرات بۆ وانەگوتنەوە بە کارمیداس، ئارتۆلیکۆس و لیسیز دەڕۆشتە ئەوێ و فیدیاسیش بە جەستەیەکی جوانەوە بۆ گەشەپێدانی هونەرەکەی دەڕۆیشت. لەوێ قوتابی لەسەر جووڵەی ماسوولکەکان و چۆنیەتی و هێڵەکانی سەر لاشەی خوێندنەوەی دەکرد. لەوێ جوانترین تایبەتمەندییەکان و حاڵەتی جۆراوجۆر و لەسەرخۆیی و شیاویی جەستەی رووت کە لەگەڵ مۆدێلەکانی ئەمرۆ بەراورد ناکرێت، نمایش دەکرا.

ئەم دەرفەتانە بۆ دیتنی سروشت، بوو بەهۆی ئەوەی کە هونەرمەندانی یۆنان بەرزتر بڕۆن و پەروەردەی چەمکگەلێکی گشتی لە جوانی بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە و هەروەها بۆ جوانکاریی لەش دەستپێبکەن، چەمکگەلێک کە بەرزتر لە سروشت تێدەپەڕی و سەرچاوەکەی هەرێمی مەعنەویی ئەندێشە بوو.

بەمجۆرە بوو کە «رافائێل گالاتئای» خۆی پێگەیاند هەر بەو جۆرەی کە لە نامەکەیدا بۆ کێنت بالتاسار کاستیلۆنێ دەڵێت: «چونکە جوانی لە ژنان دەگمەنە، من لەو هزرەی کە دەستکردی خەیاڵی خۆمە، پێڕەوی دەکەم.»

پێڕەویکردنی جوانیی سروشت لەسەر یەک یان چەند مۆدیلێک کۆدەبێتەوە. یەکەم لێگرتنەوە (نسخە) یەکی ورد، واتە وێنەیەک پێکدێنێت کە دەرئەنجامی ئەو فۆرم و بەژنانەیە لە هونەری ئەڵمانیدا دەیبینین، لە حاڵێکدا کە خاڵی دووەم دەگاتە جوانییەکی کۆبەندە و دەرئەنجامەکەی وێنەگەلێکی ئارمانیە و ئەمە ئەو بوارەیە کە یۆنانییەکان پێوایانە.





# فەلسەفەی زمان

## ئێمە ناتوانین بیر بکەینەوە تەنیا لەنێو وشەکاندا نەبێت.. «هیگڵ»



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

زمان کۆمەڵێک دەرگا بۆ چوونە ژوورەوە دەکاتەوە و کۆمەڵێک دەرگا بۆ هاتنە دەرەوە دروست دەکات، لە ساڵۆنی ئیمپراتۆرەکان و لە کۆمیتی دبلۆماسییەکان و لە کۆڵانی هەژاراندا زێدەتر لە زمانێک بەکاردەهێنرێت، زمانی زیادە...زمان دەبێتە ڤیزا و کارتی پێناسەکردنی فرەجۆر! ئەوە زمانە دابەشمان دەکات، هونەری قسەکردن، هونەری نواندنی زمانە بە ئاست و شێوەی جیاواز و لە شوێنی جۆراوجۆردا... دەشێ هەموو ئەوانە بکەونە نێو فەلسەفەی زمانەوە، بەڵام زمان چەمکێک نییە لە چەمکەکانی فەلسەفە، بوارێک نییە لە بوارەکانی زانست... فەلسەفەی زمان بە دوای سروشتی زمان و پەیوەندیی زمان بە جیهاندا دەگەڕێت، لە وێناکردنی زمان بۆ جیهان دەکۆڵێتەوە، بە وێناکردنی فەلسەفەکاران بۆ زمان دەڕوانێ، فەلسەفەی زمان پرسیار لەوە دەکات کە زمان چۆن نوێنەرایەتی دنیا دەکات، پەیوەندیی ناونان بە ناوەوە چییە، چۆن لە لۆجیکی تێگەیشتنی بیرکردنەوە نزیک دەبینەوە، ئایا زمانێک هەیە لە دەرەوەی بیرکردنەوە، تێگەیشتن چییە، قسە چۆن دەگاتە ئەویدیکە، پەیوەندیی نێوان قسەکەر بە ئەویدیکەوە چییە، مانا چییە، ئایا مانا لە سەری قسەکەراندایە یان لە زماندا، زمانی بێ مانا، بێ بنەما بوونی هەیە؟

بە شێوەیەکی گشتی زمان خۆی لە نێوان دوو مەسەلەدا هەڵدەگرێتەوە، یەکەمیان سیستمە و دووەمیان جیاوازییە، یەکەمیان سروشتی دەلالەت و دووەمیان هەمەکیی زمانە، یەکەمیان پەیوەندی بەو قەوارەیەوە هەیە کە وشە، یان رستە دەلالەتی لێدەکات، دووەمیان چۆنیەتی تێگەیشتن و سروشتی بیرکردنەوە دەگەیەنێت، یەکەمیان دەرەکییە و دووەمیان ناوەکییە... لەلایەک دەتوانین زمان لە ناونانی شتەکانەوە (things) هەڵگرینەوە، لەلایەکی دیکە بوونی شتەکان لە چوونە نێو زماندا ناس بکەین! یەکەمیان سیستمێکی دیاریکراو بەڕێوەی دەبات، دووەمیان لەسەر جیاوازی وەستاوە! کەواتە وەک چۆن (بێکۆتاییبوون) کلیلی بیرکارییە، (هەمەکیبوون) کلیلی زانستەکانی زمانە، هەڵبەتە بە جیاوازیی نێوانیانەوە! ئەوە هەر جیاوازیشە زمانناس (کارڵ کراوس 1936-1874) وا لێدەکات وەک ئەوەی قسان لەسەر لەشفرۆشێک بکات، قسان لەبارەی زمانی دایکەوە دەکات و پێیوایە زمان لە رێگای بەکارهێنانێکی دیکە بۆ ئەو مانایەی کە دایک دایهێناوە، پێشدەکەوێت، نووسەر لەسەر دایکی دەنووسێ و بەدژی ئەو هەڵدەسێ، بۆ ئەوەی لە نیگەرانیی کاریگەریانەی دایک رزگاری بێت. زمان لە نێوان دوو ژیاندا هەست و نەست، خود و حەزە چەپێنراوەکان.. پارچە پارچە کراوە، لە بوونی (پڕ) دوورخراوەتەوە بۆ دنیای (بەتاڵ)، لە سکی پڕی دایک بۆ دنیای بەتاڵی کۆرپەلە، زمان بەتاڵە لەبەر ئەوەی بریتییە لە پرۆسەیەکی بێکۆتایی جیاوازی و نەبوونی... دەق لەبەر زمان نابێتە خاوەن، بۆیە لە دالێکەوە بۆ دالێکی دیکە هەنگاو دەنێ، لە دەقی داهێنەرانەدا هەر دالێک گەیەنەری دالێکی دیکەیە، ئەو دالەش درێژبوونەوەی دالێکی دیکەیە.. (ژاک لاکان 1981-1901) دەڵێ زمان ئەو شتەیە کە بوون لە حەز و ئارەزوو بەتاڵ دەکاتەوە. زمان تەواوی دنیای خەیاڵ دابەش و پارچە پارچە دەکات. بە بڕوای لاکان نەست بەرهەمی تایبەتی زمانە، هەروەها ئەو لەسەر هەمان بیرکردنەوەی کراوس و منداڵی بەر ئاوێنە، دەڵێ من ناتوانم لە یەک کاتدا هەم «مانا ببەخشم» و هەم «مانا»ش بم، (هەم منداڵی بەر ئاوێنە بم —واتە مانای خۆم بم- هەم لە ئاوێنەدا-باوک بم- واتە وێنەی مانابەخشی باوک بم) لاکان بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە چاونەترسانە رستە بەناوبانگەکەی دیکارت (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) دووبارە دەنووسێتەوە: «من لەو شوێنە نیم کە بیر دەکەمەوە، من بیر دەکەمەوە لە شوێنێ کە نیم».

کێ بیر دەکاتەوە، زمان یان من؟ زمان لە مندا بیر دەکاتەوە یان من لە زماندا بیر دەکەمەوە؟ ئەو کاتەی بیر دەکەمەوە ئەوە لە بیرکردنەوەمدا جگە لە کۆپیکەرێک شتێکی دیکە نیم، هەرگیز رێگایەکی نوێم بۆ بیرکردنەوە نییە، بەڵکو یەکێکی دیکە رێگای بیرکردنەوەی پێبەخشیوم، من دەبێ ملکەچی ئەو بم. ئەو یەکەی لە بری (فیتگنشتاین 1951-1889) بیر دەکاتەوە، ئەو یەکەی ئەو ملکەچی دەبێ جگە لە زمان هیچی دیکە نییە، ئێمە هەموومان میراتگری فۆرمەلەکەرێکی نادیارین، بەڵام (کەس) قسان ناکات، قسەکەر لە چوارچێوەی سیستمێکدایە چ لە دەرەوە بێ، چ لە ناوەوە. منی قسەکەر تەنها چارەسەری ئەو مانایە دەکات کە دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، ئەویش لە رێگای شیانەی گوزارشتکردنێک کە زمان ملکەچی دەبێت! بەڵام ناتوانین بڵێین زمان پەیوەندی بە دایک و بنەما و ماناوە نییە...ئەوەش پەیوەندی بە دوو پرۆسە لە پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانەوە دەکات، یەکەمیان دەرەکییە و خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاماژەکاندا دەبینێتەوە، دووەمیان ناوەکییە، لە تێگەیشتنی ئاماژە ناوبراوەکانەوە دێتە بەرهەم، (دایک، بنەما، مانا) هەمیشە لای کراوس خیانەتی لێدەکرێت، لای لاکان دەکەوێتە نێو دڵەڕاوکێی منداڵی بەر ئاوێنە و لەلای فیتگنشتاین دەکەوێتە نێو فەلسەفەی زمانەوە بەو مانایەی کە فەلسەفە رزگارکردنی زمانە لە خراپ بەکارهێنان و گێڕانەوەیەتی بۆ پێورە دروستەکەی لە ژیانی رۆژانەدا، بەو مانایەی کە روونکردنەوەی لۆجیکییانەی بیرۆکەکانە، بەو مانایەی کە چالاکی تەئویلکردنی گەمە زمانییەکانە، بەو مانایەی کە هیرمینۆتیکایە نەک گەیاندنی حەقیقەت. لە کتێبی (تراکتاتوس-tractatus- پەیامی لۆجیکی فەلسەفی، کە ساڵی 1921 بڵاوبووەتەوە) فیتگنشتاین ئەوە روون دەکاتەوە کە فەلسەفە چارەسەری بیرکردنەوە دەکات و کۆی فەلسەفەش رەخنەگرتنە لە زمان، زمانیش وێنەگرتنی جیهانی گەردیلەکانە، جیهانیش هەمووی ئەوەیە کە بەدەست دێت، یان کۆمەڵێک فاکتە نەک کۆمەڵێک شت، پێوانەی فاکتیش مانایە، پێوانەی راستی و دروستیی ماناش دەکەوێتە بەرامبەر رستەی زمانەوانیی مانادارەوە، رستەیەک کە هەمیشە فاکت دەگەیەنێت و وەسفی فاکت دەکات. کەواتە لێرەدا هەرگیز مەسەلە، یان دۆزێکی فەلسەفی نییە هەڵە بێت، بەڵکو هەندێ مەسەلە و دۆز هەن مانایان نییە، لەوێوە بێ مانان کە لە لۆجیکی زمان تێنەگەیشتوون.

بێگومان پەیوەندیی فەلسەفە و لۆجیک بە واقیعەوە لەسەر راستی و درۆ ناوەستێ، بەڵکو بایەخ بە یاسا و رێساکانی زمان و دووری و نزیکییان لە زانستی دەلالەتەکان دەدات، بایەخ بە مەسەلەی مانا و بێ مانایی دەدات. مادام جیهان ئەوە بێت کە زمانی ئێمە توانای دەربڕینی هەیە، ئەوە پێوەری بوونی جیهانیش زمانە، سنووری زمانم سنووری جیهانەکەمە. فەلسەفەی زمان پێش هەموو شتێک بەرگری لەو سیحرە دەکات کە شێوەکانی تەعبیرکردن یان گوزارەکردن دەیخەنەوە، ئەوەش پەیوەندی بە تاکە میتۆدێکی دیاریکراوی فەلسەفەوە نییە، چونکە فەلسەفە یەک میتۆد بەڕێوەی نابات، بەڵکو فەلسەفە لە کۆمەڵێک میتۆد پێکهاتووە و رێگای جۆراوجۆری هەیە، فەلسەفەی زمان جگە لە رێگای بەدواداگەڕان شتێکی دیکە نییە، بڕوابوون بە یەک تیۆری،جگە لە داخستنی ئاسۆکان شتێکمان پێنالێت، مەرجی بیرکردنەوەی ئازاد بە کرانەوەی ئاسۆکانەوە بەندە، کرانەوەش رۆحی فەلسەفەیە، هەمیشە لە نێوان میتۆد و بابەت کۆمەڵێ جیاوازی هەیە، بەڵام رێگای بە دواداگەڕانی ئەو جیاوازییانە لە پرسەوە سەرچاوە دەگرێت، وەڵامی فەلسەفە هەمیشە لە رێگای خستنەڕووی پرسیارێکی دیکەوەیە.

زمان لای فیتگنشتاین رێگایە بەرەو مەعریفە، هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە دروستبوونی مانا لە نێو گوتاردا، بەپێی ئەو پەیوەندییە ناوەکییە یان بەهۆی ئەو هاوسەنگییەی نێوان زمان و بیرکردنەوە، هیچ بیرکردنەوە و مەعریفەیەک ناکەوێتە دەرەوەی زمانەوە، هیچ زمانێک نییە بکەوێتە دەرەوەی بیرکردنەوە و مەعریفەوە، کەواتە هەموو شتێک لەناو زماندا روودەدات! بەڵام (جۆن سیرل) بیرکردنەوەیەکی دیکەی هەیە و پێیوایە تێگەیشتنی زمان هەر دەبێ یەکەمجار بە تێگەیشتنی عەقڵدا بڕوات، ئەو بڕوایە بەرەو ئەوەمان دەبات کە عەقڵ بخەینە پێش زمانەوە! ئەوەش تەواو پێچەوانەی لاکان و کراوس و فیتگنشتاینە، چونکە جۆن سیرل پێیوایە ناشێ تەنها بەو شێوە سادەیە سەیری زمان بکەین کە فیکرەیە و لە رێگای وشەوە بە ئەویدیکە دەگات، چونکە دەشێ بەبێ وشەش بڕوا بە هەندێ شت بهێنین، بۆ نموونە برسێتی یان هەستکردن... لێرەدا وەڵامی پرسیاری زمان چۆن بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، ئەوە نییە کە لە رێگای نواندنەوە بە ئەنجام دەگات، بەڵکو ئەوەیە کە زمان بەهۆی ماناوە بە واقیعەوە دەلکێ، ئەو پەیوەستبوونەش عەقڵی نیازخواز بەسەر دەنگ و ئاماژە دەیسەپێنێ. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مانا شێوەیەکی نیازئامێزی هەڵێنجراوە، واتە کۆدی تێگەیشتنی مانا ئەوەیە کە نیازخوازی ئەسڵی یان ناوەکی لە فیکری قسەکەردا بۆ وشە و ئاماژە و رەمز دەگۆڕێت. نیازخوازی واتە ئەوە منم قسان بە زمان دەکەم، زمان نیازی من دەگەیەنێت، من زمان ئاراستە دەکەم... کەواتە وەک چۆن دەشێ قسەکەر نیازی خۆی لە قسەکردندا هەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا دەشێ ئەو نیازە تەقلیدییەش بەکار بهێنێ کە لە وشەکان و رستەکانی نێو زمانێکی (دیاریکراو) دا هەیە. بەمجۆرەش کردەیەکی نیازئامێز (من قسان بە زمان دەکەم) بەجێدەهێنێ و کۆی ئەو تێگەیشتنەش بە پڕبوونی ماناوە بەندە. بە مانایەکی دیکە بەرهەمی دەنگەکان لە زماندا بەشێکە لە مەرجی تێربوونی ئەو نیازەی کە لە دروستکردنی گوتراودایە، واتە کاتێک قسەکەر گوتراوێکی واتادار دروست دەکات، ئەو کاتەیە کە مەرجی پڕبوون دەخاتە سەر دەنگ و ئاماژەکان. لێرەدا بە قسەی (جۆن سیرل) دەکەوینە نێوان دوو مەرجی تێربوون.. یەکەم مەرجی تێربوونی گوتراوە، دووەم مەرجی تێربوونی دەنگ و ئاماژەیە. بەو مانایەش گوتراوی واتادار ئەوەیە کە مەرجی تێربوون بەسەر مەرجی تێربووندا دەسەپێنێت، بۆ نموونە رستەی: باران دەبارێت. هەڵگری مەرجی تێربوونی جۆراوجۆرە، یەکەمیان ئەوەیە کە نیازی قسەکەر بەجێدەهێنێت و ئەو گوتنەش مەرجی بەشێک لە رستەکە تێر دەکات، دووەم لەبەر ئەوەی هەر تەنها مەبەست قسەکردن نییە، واتە لەبەر ئەوەی کردەی (بارین) لەخۆ دەگرێت، کەواتە ئەو گوتنە مەرجی تایبەت بەخۆیشی هەیە و ئەو تێربوونەش تەواو نابێت هەتا باران نەبارێت، ئەگەر باران باری کەواتە مەرجی تێربوونی گوتراو حەقیقییە، بەڵام ئەگەر نەبارێت درۆ دەردەچێت.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- جان جاک لوسرکل، عنف اللغة، ترجمة و تقديم: د. محمد بدوي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لينان، ط 2 ايلول 2006. ص 413.

2- تحقيقات فلسفية. لودفيك فتغنشتاين. توزيع: مركز دراسات الوحدة العربية. ط/ 2007، المترجم: د. عبدالرزاق بنور.

3- دۆز یان مەسەلە دەکرێ راست بێت و دەکرێ ناڕاست بێت، دەکرێ پۆزەتیف بێت و دەکرێ نێگەتیف بێت... دۆز دەربڕینێکە کە بشێ بە دروست یان نادروست وەسف بکرێ، گوتنێکی واتا بەخشە شیمانەی دروست یان نادروست لەخۆ دەگرێ).

4- شرۆڤەی لۆجیکی بۆ زمان، ئارام قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، 2010، ل74.

5 - گادامێر پێیوایە میتۆد- و تیۆری مەعریفە بە گشتی- پەرچەکردارە لە بەرانبەر نائاشنابوون/نامۆبوونی خود لە دنیا --fremd -heit و هەوڵدانە بۆ تەجاوزکردنی ئەو نامۆبوونە. بە هەمان شێوەش هیرمینۆتیکا لەو ئەسڵەوە هەڵقوڵاوە، کەواتە هەردووکیان پەرچەکردارن بەرانبەر بە نامۆبوون، بەڵام لێرە لەو پەرچەکردارەدا جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوانیاندا هەیە: چونکە کاتێک هیرمینۆتیکا لە میانی کردەی راڤەکردن و تێگەیشتنەوە هەوڵی بەجێهێنانی ئاشنایی مرۆڤ و دنیا دەدات، ئەوە میتۆدە نامۆبوون بە نامۆبوون وەڵام دەداتەوە وەک ئەوەی لە میانی لێکجیابوونەوە یان دوو لەتبوونی خود و بابەتدا خۆی بنوێنێت. بڕوانە کتێبی: فی ماهیە اللغە وفلسفە التاویل، د. شعید توفیق، گ 2002، الناشر مجد- بیروت، ص91.

6 - جۆن سیرل (J. serle) دەڵێت: فەلسەفەی زمان هەوڵی راڤەکردنی فەلسەفی بە هەندێ لە خەسڵەتە گشتییەکانی زمان دەبەخشێ، وەک دەلالەت، راستگۆیی مانا و پێویستییەکان.

7 - جون سيرل، العقل و اللغة و الواقع (الفلسفة في العالم الواقعي) ترجمة: سعيد الغانمي، الدار العربية للعلوم-منشورات الاختلاف، الجزائر، ظ1 2006. ل205.

# من هیچ نیم و ناشبم بە هیچ






■ شوان ئەحمەد

ئەم کتێبە چەند نامەیەکی ئەوینداریی فێرناندۆ پێسوا (نەک تەواوی نامەکان)، بۆ خۆشەویستە تاقانەکەی ئۆفیلیا کیرۆش، لەخۆدە گرێت. ماریا دی گراسا کیرۆش کە دەکاتە (خوشکەزای ئۆفیلیا)، ئەو نامانەی بلاوکردووەتەوە و لەگەڵیشیدا، بیرەوەرییەکانی پووریشی تۆمار کردووە (ئەوە لە چاپە عەرەبیەکەیدا نییە) و باس لەو هەلومەرجە دەکات کە فێرناندۆ پێسوای تێدا ناسیوە و بووەتە باعیسی ئەوەی، پەیوەندییەکی خۆشەویستیی بێ ئاکامی لەگەڵیدا هەبێت.

ئۆفیلیا کیرۆش خەڵکی شاری بەرشەلۆنەیە، کاتێک وەک وەرگێڕێک لە کۆمپانیایەکی بازرگانی لە شاری لیشبۆنە دەستبەکار دەبێت، لەوێ فێرناندۆ پێسوا دەناسێت و لەو یەکترناسینەوە پەیوەندیی ئەوینداری (بەباچووی) نێوانیان دەستپێدەکات.

دوای بلاوبوونەوەی نامەکان بەزمانی پرتوگالی، ساڵی 1992 ئیناس ئۆزیکی دیبری وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ساڵی 2010 عەبدولوەهاب ئەلملەوەح کردوویەتی بە عەرەبی.

***

ئەم نامانە راز و نیازی عاشقێکی ئاسایی نین، بەڵکو ترپەی دڵی گرنگترین و بەنێوبانگترین شاعیری پرتوگالن. پیت و وشە و دێڕی، یەکێک لە هەرە کارەکتەرە پڕ تەلیسم و دانسقەکانی دنیایە. ئەم نامانە فێرناندۆ پێسوا نووسیونی، ئەو پێسوایەی لەشکرێک تارمایی لەدەوردا بوو (بێرناردۆ سوارێس، ئەلبرتۆ کایرۆ، ئەلفارۆ دوکامبۆس، ریکاردۆ رەیس و... هتد).

مرۆڤێکی تەنیا، شەرمن، کەمدوو، گۆشەگیر، شپرزە و نائارام، خەمسارد و پەست و تووڕە لە چارەنووس. مرۆڤێک بەوپەڕی قایلی و ملکەچییەوە، بەتێڕامانە میتافیزیکاییەکانیەوە خەریکە. تینووی تراویلکەی ئەوین و سۆزدارییە. لە جوڵە و هاتوچۆکانیدا ورد و بە بەرنامەیە. بەزۆری دەنووسێت بەکەمی بەرهەمەکانی بلاودەکاتەوە.

پڕە لە ژیان و زیاد لە پێویست دەژی (زیاد لە پێویست دەژیم، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی قووڵ و گەورە ژیان دەگوزەرێنم). بەڵام ئەو هەر تەنیا نایەوێت بژی و بەس. زۆر چاک درک بەو جیاوازییە گەورانە دەکات، لەنێوان ئەوەی مرۆڤ بژی و زیندوو بێت (بۆ من چاکترە بنووسم، لەوەی ریسک بکەم بۆئەوەی بژیم).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لافی ئەوەی لێنەداوە کە شاعیرە، یاخود نووسەرە یان سەروکاری لەگەڵ ئەدەبیاتدا هەیە. جارێکیان لە نامەیەکیدا بۆ ئۆفیلیا کیرۆش، هۆشداریی دەداتێ و دەڵێت: «هەرگیز نەکەیت پێم بڵێیت شاعیر، من تەنها لێرە و لەوێ دێڕێک یان دوو دێڕ هۆنراوە دەچرِم و هیچی تر».

پێسوا بە بەردەوامی لە لیشبۆنە (کە وەک چەقی دنیا سەیری کردووە) لەهاتن و چوونی بەردەوامدا بووە، وەلێ لە سێگۆشەیەکی ترسناکدا (لە نێوانماڵەوە و ئۆفیس و قاوەخانەی ئارکادا)، رۆژانی ژیانی بەرێ کردووە.

ئێوارانێکی درەنگ بە ئەسپایی و بێدەنگ، شەقامەکانی لیشبۆنەی تەی کردووە، بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات. ئەو تەنیا هەر شاعیر نەبوو، بەڵکو کەسێک بوو وەک سۆرین کێرکیگارد کەڵکەڵەی میتافیزیکیانەی هەبوو.

لەڕاستیدا ئەو خۆی هیچی نەنووسیوە، بەڵکو لە ناخیدا چەندین خەنیمی قوت کردووەتەوە و ئەو خەنیمانەش، نووسیویانە و بە نووسینەکانیان دنیایان تووشی سەرەگێژە کردووە.

لەکتێبی (نائارامی)دا دەڵێت: (کاتێک چەکمەجەی مێزەکەم دەکەمەوە، ئەوەی دەیبینم نووسینی من نییە.. نووسینی کەسێکی ترە بەدەست و خەتی من. من هەرگیز ئەو شتانە نانووسم و ئەو وشانە بەکارناهێنم).

پێسوا خەون و خولیایەکی سەیر لەمێشکیدا بوو. بۆ گەیشتن پێیان رێگای زۆری گرتەبەر.. نووسین، ئەوینداری، ورێنە، گۆشەگیری و دێوانەیی و خۆوێرانکردن و... هتد.

لەپاش خۆی باوەڵێکی پڕ لە دەستنووسی بەجێهێشت و ئەوەش میراتێکە لەبن نایەت.. لەگەڵ ئەو هەموو دەستنووسەشدا، دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی، کەمێکی کەم نەبێت کەس هیچی وای لەبارەوە نازانێت. لەو رۆژەوەی ئەو دەستنووسانە ئاشکرا بوون و ناوی (ئەم و ئەویان) لەسەرە و لەو باوەڵە ئەفسووناویەدا جێماون، تادێت گرنگیی زۆرتر بە پێسوا دەدرێت و رۆژ بە رۆژ شۆرەت و نێوبانگی زیاتر دەبێت.

لە ژیانیدا پەیوەندیی زۆری نەبووە. حەزی بە شۆرەت و خۆدەرخستن نەکردووە، بەڵام دوای ئەوەی نووسەری ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ تابوکی قۆڵی لێ هەڵماڵی و بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ساغ کردەوە و وەریگێڕان و لەبارەیانەوە نووسی، فەرەنسییەکانیش بەوەرگێڕانی کتێبی (نائارامی) لە ساڵی 1982 (کە تا ئێستا حەوت وەرگێڕانی دیکەی بۆ کراوە)، وایانکرد نێو و نێوبانگی سنووری پرتوگال و ئەورووپاش ببرِێت و لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژیانی تایبەتیی خۆی (پێسوا چل و حەوت ساڵ ژیا)، هەر تەلیسماوییە و روون نییە. تەنیایی و گۆشەگیرییە سەختەکەی، وای کردووە ژیانی تایبەتی شاراوە بێت و نەزانین چۆن ژیاوە و چۆن بیری کردووەتەوە و هۆکاری تەنیاییە قووڵەکەی چی بووە؟ سەرچاوە و بژێویی ژیانی چی بووە؟ بۆچی ئەو هەموو خەنیمانەی دروستکردووە و ئەو هەموو ماسکە چییە پۆشیویەتی؟

ئەی ئەو هەموو تاریکی و نادڵنیایی و رەشبینی و نائومێدی و خۆکەمسەیرکردنە چییە لە نووسینەکانیدا هەیە؟ بۆچی پەیوەندیی ئەوینداری بەو هەموو گەرموگوڕییەوە لەگەڵ (ئەو تاقەژنە) ی خۆشی دەویست، شکستی هێناو بێ ئەنجام بوو؟

ئەم نامانەی وەک دۆکیومێنتێکی دانسقەی ئەدەبی سەیر دەکرێت، دەشێت وەک سەرچاوەیەک سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ تیشک خستنە سەر ژیانی رۆژانەی و رۆشنکردنەوەی رووبەرە تاریک و پەنهانەکانی تەمەنی. یان چەند نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا بکەن و بەرچاوڕوونی بدەنە خوێنەران و رەخنەگران و پێسواناسان، تا بتوانن لە وێڵگە پڕ پێچ و پەناکانی ئەو نووسەرەی بۆ ئەوە دەینووسی تا خۆی ون بکات، سەر دەربکەن.

بەو هیوایەی لە داهاتوودا زمانزانە باشەکانی ئێمە، لە زمانەکانی پرتوگالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئینگلیزییەوە، سەرجەمی نامەکانی و بەرهەمە شیعری و دەستنووس و یاداشتەکانی، وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی و خوێنەرانی کوردزمان، بەیەکێک لە سەیر و سەمەرەترین کارەکتەرە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم ئاشنا بکەن.

**– ئەمە پێشەکییەکی کورتی ئەم کتێبەیە: (نامەکانی فێرناندۆ پێسوا بۆ خۆشەویستەکەی) کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودە کرێتەوە.**

# فیلمی (بێکێت) مەزنترین فیلمی ئێرلەندی

■ نووسینی: ژیل دۆلۆز

لە فرەنسییەوە : فازڵ مەحمود وەلی

کێشە:

ئەگەر ئەوە راست بێت وەکوو ئەوەی ئەسقەفی ئێرلەندی بێرکێلی دەیڵێت، کە بوون بە مانای خۆئیدراککردن دێت، ئایا دەکرێت لە ئیدراک هەڵبێی؟ چۆن دەتوانین ببینە کەسێکی نائیدراک؟

مێژووی کێشەکە:

رەنگە بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە هەموو چیرۆکەکە پەیوەست بێت بە بێرکێلی- یەوە، کە بەپێی پێویست سەبارەت بە بوونێکی خۆئیدراک و ( ئیدراک) قسەی کردووە. ئەو رۆڵەی تەنیا لەلایەن بۆستێن کیتون دەتوانرا بگێڕدرێت، رۆڵی ئەسقەف بێرکێلی- یە. یان بەشێوەیەکی تر رێڕەوێکە لە ئێرلەندییەکەوە بۆ ئێرلەندییەکی تر، لە بێرکێلی- یەوە کە ئیدراکی هەبووە و خۆی ئیدراک کردووە ، بۆ بێکێت کە هەموو بەختەوەرییەکی تا کۆتایی برد و تەواوی کرد. هەر بۆیە دەبێت بەشێک لە فیلمەکە (یان بەشێکی جیاکراوە لەم مەسەلانە) لەبەرچاو بگرین کە کەمێک جیاوازتر بێت لەوەی بێکێت خۆی.

بارودۆخی کێشەکە:

رەنگە چەند شتێکی تەحەمولنەکراو لە خۆئیدراککردندا هەبێت. ئایا ئەم خۆئیدراککردنە لەلایەن کەسی سێیەمەوەیە؟ نەخێر، پاشان کەسە سێیەمە ئیدراکییە گریمانەییەکان لە پەلوپۆ دەکەون لەوکاتەی کە هەرکامەیان هەست دەکەن نەک بە تەنیا لەلایەن ئەوی ترەوە بەڵکو لەلایەن خۆیانەوە ئیدراک کراون. کەواتە ئایا چەند شتێکی ترسناک لە نێو خۆئیدراککردندا هەیە؟

پێدراوەکانی کێشەکە:

تا ئەوکاتەی درک یان ئیدراک (کامێرا) لە پشتەوەی کەسایەتییەکەدایە، مەترسیدار نییە، چونکە ئیدراک بە نائاگایی (لەلایەن کەسایەتییەکەوە) دەمێنێتەوە. ئیدراک کاتێک کەسایەتییەکە دەخاتە چوارچێوەی خۆیەوە کە لە گۆشەیەکی لارەوە لێی نزیک دەبێتەوە و ئەو سەبارەت بە خۆئیدراککردن بە ئاگا دێنێت. بە شێوەیەکی باو ئەوە دەڵێین کە کەسایەتییەکە ئاگایی سەبارەت بە خۆئیدراککردن بەدەست دەهێنێت و دێتە نێو percipi لە کاتێکدا کامێراکە لە پشتەوەی کەسایەتییەکەدا لە گۆشەی-45 پلەدا لە سووچێکەوە بۆ سووچێکی تر تێدە پەڕێت.

بابەتی یەکەم: دیوار و پلیکانە، ئەکشن

کەسایەتییەکە دەتوانێت بە خێرا رۆیشتن بە تەنیشت دیوارەکەوە مەترسیی سنووردار بکات. لەڕاستیدا تەنیا یەک سووچی هەڕەشەئامێزی هەیە. رێکردنی کەسایەتییەک بە درێژایی دیوارەکە یەکەم ئەکتی سینەماتۆگرافیکە (زۆربەی سینەماکارە گەورەکان ئەم شتەیان تاقی کردووەتەوە). ئەکشن بە شێوەیەکی ئاشکرا زۆر ئاڵۆز دەبێت کاتێک ببێتە ستوونی یان حەڵقەیی، وەکوو ئەوەی سەر پلیکانەکە، پاشان گۆشەو سووچەکان بەپێی پەیوەندی لەگەڵ میحوەرەکان بەدوای یەکدا گۆڕانیان بەسەردا دێت. بە هەر شێوەیەک بێت، هەموو جارێک گۆشەنیگای 45 پلە تێدەپەڕێنێت، کەسایەتییەکە دەوستێت، لە کردە و ئەکشن دەوستێت، خۆی دەنووسێت (بە شوێنێکەوە)، و ئەو بەشەی دەموچاوی کە بە دەرەوەیە بە دەست دادەپۆشێت، یان بە دەستەسرێک یان ئەو پارچە قوماشەی کە لە کڵاوەکەی هاتووەتە خوارەوە. ئەمە بابەتی یەکەم بوو، ئیدراکی ئەکشن، کە دەکرێت رێگری لێ بکرێت لە رێگای راگرتنی کردەو ئەکشنەوە.

بابەتی دووەم: ژوورەکە، ئیدراك

ئەمە دووەم ئەکتی سینەماتۆگرافیکە، ناوەوە، ئەو شتەی لە نێو دیوارەکاندا روودەدات. پێشتر، کەسایەتییەکە وەکوو کەسێکی ئیدراککەر سەرنجی نەدەدرایە: ئەوە کامێراکە بوو کە ئەوی بۆ ئیدراکێکی «کوێر» ئامادە دەکرد، واتە ئەوەی پێویست بوو بۆ کردەی ئەو. بەڵام ئێستا کامێراکە ئەو لە ژوورەکەدا ئیدراک دەکات و کەسایەتییەکە ژوورەکە ئیدراک دەکات: هەموو ئیدراکێک دوو هێندە دەبێت. پێشتر، کەسایەتییە سێیەمەکان دەیانتوانی بە شێوەیەکی هێزەکی ئیدراکی کەسایەتییەکە بکەن، بەڵام لەلایەن کامێراکەوە رێگرییان لێکرابوو. ئێستا، کەسایەتییەکە خۆی ئیدراک دەکات و ئەو شتانەی کە ئیدراکی پێدەکەن دەبنە ئەو شتەی کە هەرکامەیان ئەو تووشی ئیدراک دەکەن: نەک بە تەنیا ئاژەڵەکان، ئاوێنەکان، وێنەیەکی رەنگاورەنگی خودا، فۆتۆکان، هەروەها قاپ و قاچاخەکان (بەهەمان شێوە ئازنشتاین لە زمانی دیکنزەوە دەڵێت: کتریەکە تەماشام دەکات .....). شتەکان لەم روانگەیەوە لە مرۆڤەکان مەترسیدارترن: ناتوانم ئیدراکیان بکەم بەبێ ئەوەی ئەوان ئیدراکم نەکەن، هەموو ئیدراکێک وەکوو ئەمانە ئیدراکی ئیدراکە. رێگاچارەی دووەم بریتییە لە کردنە دەرەوەی ئاژەڵەکان، داپۆشینی ئاوێنەکە، داپۆشینی شتەکان، دڕاندنی وێنە رەنگاورەنگەکە، دڕاندنی فۆتۆکان: ئەمە لەناوبردنی ئیدراکی دوو هێندەیە. کەمێک پێش ئێستا، لەنێو شەقامەکەدا، کەسایەتییەکە هێشتا شوێن ـ کات و بە تایبەت بەشە جیاوازەکانی رابردوو (ئەو وێنانەی کە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتبوو) لەبەردەستدا بوو. لە ژوورەکەدا، هێشتا هێزی پێویستی هەبوو بۆ رێکخستنی وێنەکان کە ئەویان گەڕاندبووەوە بۆ ئیدراک. بەڵام پاش کەمێک ئەو هیچی لەبەردەست نییە جگە لە کاتی ئێستا، لە فۆرمی ژوورێکی بەرتەسکی داخراودا کە لەوێدا هەموو ئایدیایەکی کات و شوێن، هەموو وێنەیەکی ئیلاهی، مرۆیی و ئاژەڵ و شتەکان لەناوچووە. تەنیا شتێک کە ماوەتەوە ئەسکەملەکەیە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کە باشتر لە هەر نوینێک، باشترین کەرەستەیە کە پێش یان پاش پیاوەکە هەیە و ئێمە لە نێوان فەزای عەدەمدا رادەگرێت (چوون ـ و ـ هاتن).




بابەتی سێیەم: ئەسکەمل، کاریگەری

کەسایەتییەکە دەیتوانی لەسەر ئەسکەملەکە دانیشێت، و لەوێدا سەرخەوێک بشکێنێ، تا ئەوکاتەی ئیدراکەکان لەناوبچن. بەڵام ئیدراک هێشتا لە پشتەوەی ئەسکەملەکە چاودێریی دەکات کە لەوێدا هەردوو لاکەی هاوکات لەبەردەستدایە. وا دەردەکەوێت کە ئیدراک ئەو ئیرادە باشەی کەمێک پێش ئێستا دەریخستبوو، لەدەستی دابێت، واتە ئەو کاتەی کە پەلەی کردبوو بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو گۆشە نیگایەی لە رووی کەمتەرخەمییەوە تێپەڕاندبوو، تاوەکوو کەسایەتییەکە بپارێزێت بەرامبەر بە کەسە سێیەمە گریمانەییەکان. ئێستا بە ئەنقەست ئەو شتە دەکات و هەوڵ دەدات لە سەرخەوشکاندنەکەی تێبگات. کەسایەتییەکە بەرگری لەخۆی دەکات و لە ترساندا و بەوپەڕی لاوازییەوە خۆی گرمۆڵە دەکات. کامێرا ـ ئیدراک لەمە سوودمەند دەبێت، بە تەواوەتی لە گۆشەکەوە دەردەچێت، دەسوورێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەرامبەر کەسایەتییەکە کە سەرخەو دەشکێنێت و نزیک دەبێتەوە لێی. بۆیە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە چییە، ئیدراکی کاریگەری، واتە ئیدراکی خۆ سەبارەت بە خۆ، کاریگەرییەکی پەتی. ئەم ئیدراکە رەنگدانەوەیەکی دوانی پیاوێکی سەرشێتە لە نێو ئەسکەملەکەدا. ئەمە ئیدراکی کەسێکی یەک چاوە کە تەماشای کەسایەتییە یەک چاوەکە دەکات. ئیدراک چاوەڕێی کاتی خۆی دەکرد. ئەمە ئەو شتە بوو کە زۆر ترسناک بوو: بەو مانایەی کە ئەم ئیدراککردنی خۆ لەلایەن خۆوە، «شتێکە ناسرێتەوە و حاشاهەڵنەگرە«. ئەمە سێیەم کردەی سینەماتۆگرافیکە، گرتەی نزیک، کاریگەری یان ئیدراکی کاریگەری، ئیدراکی خۆ [خۆئیدراککردن]. هەروەها ئەم ئیدراکە خۆیشی لەناودەچێت، بەڵام لە کاتێکدا کە جووڵەی ئەسکەملەکەبوەستێت و کەسایەتییەکە بمرێت. ئایا بەپێی ئەو بارودۆخەی ئەسقەف بێرکلی خستوویەتیە روو، نابێت لە بوون بوەستین بۆ ئەوەی ببینە کەسێکی نائیدراک؟

چارەسەری گشتی:

فیلمی بێکێت لە سێ وێنەی بنەڕەتی سینەما تێدەپەڕێت، ئەوانیش ئەکشن، ئیدراک و کاریگەرین. بەڵام هیچکامیان هەرگیز لەلایەن بێکێتەوە کۆتایی پێنایەت، هیچ نامرێت. کاتێک ئەسکەملەکە لە جووڵە دەوستێت، ئایدیای ئەفلاتوونی ئەسکەمل [کورسی]، ئەسکەملی رۆح، دەستدەکات بە جووڵان. کاتێک کەسایەتییەکە دەمرێت، وەکوو ئەوەی مورفی باسی دەکات، ئەوە پێشتر بەرەو رۆح دەستیکردووە بە جووڵە. ئەو وەکوو تەپەدۆرێکە لەسەر زەریایەکی پڕ لە جووڵەو شەپۆل. ئەو چیتر ناجووڵێت، بەڵام لە ژینگەیەکە کە دەجووڵێت. تەنانەت کاتی ئێستاش لەناودەچێت، لەنێو بۆشاییەکدا کە چیتر هەڵگری تاریکی نییە، لە سەیرورەیەکدا کە چیتر هەڵگری هیچ گۆڕانێک نییە مایەی تێگەیشتن بێت. ژوورەکە بەشەکانی خۆی لەدەستداوە و لە بۆشاییەکدا ئەتۆمێکی رووناک و پرشنگدار بەرەڵا دەکات، ئەتۆمی ناکەسی و لە هەمانکاتدا تایبەت کە چیتر هەڵگری خۆ نییە بۆ خۆجیاکردنەوەی لەوانی تر یان تێکەڵیان بێت. سەیرورەی هەستپێنەکراو ژیانە، «بەبێ وەستان یان هیچ بارودۆخێک»، بۆ بەدەستهێنانی شەپۆل و شڵپەشڵپێکی جیهانی و رۆحی.

# فرووغ له‌ زستانه‌وه‌ بۆ زستان

ئه‌مرۆ، 13ی فێبریوه‌ری، 50 ساڵ به‌سه‌ر كۆچی دوایی ئه‌و ژنه‌ تاقانه‌یه‌دا تێده‌په‌ڕێت كه‌ له‌ ژنبوون و عاشقبوون و شاعیربووندا، له‌ كه‌س نه‌چوو، له‌ هه‌رسێ ره‌هه‌نده‌ پێكهێنه‌ره‌كه‌ی ژیانیدا، بازی دا به‌سه‌ر هه‌موو رێچكه‌ باوه‌كانی سه‌رده‌می خۆیدا و بوو به‌ فرووغی فه‌ڕوخزاد.

ئه‌و فرووغه‌ی 50 ساڵ پاش مردنیشی، هێشتا قسه‌ی زۆری پێیه‌ بۆ گوتن و هێشتا لاپه‌ڕه‌ی زۆر له‌ دیوانی شیعر و ژیان و ئه‌ندێشه‌ی ماون وه‌ك پێویست نه‌خوێندراونه‌ته‌وه‌ و هێشتا ده‌كرێت قسه‌ی زۆری له‌سه‌ر بكرێت.

فرووغ له‌ زستاندا له‌دایك بوو (29/12/1934) و هه‌ر له‌ زستانیشدا (13/2/1967) كۆچی دوایی كرد و بووه‌ شاعیری وه‌رزی سارد.

به‌ڵام كێڵگه‌ی ته‌مه‌نه‌ كورته‌كه‌ی به‌پیت و پڕ به‌رهه‌م بوو، جگه‌ له‌وه‌ی بوو به‌ ده‌نگێكی جاویدان له‌ شیعری نوێی فارسیدا، وه‌ك ژنه‌ هونه‌رمه‌ندێكی نوێگه‌را و رچه‌شكێن له‌ ئاستی ئێران و جیهانیشدا، خۆی سه‌لماند.

ئه‌و ده‌ستێكی له‌ بواری سینه‌ما و فیلمیشدا هه‌بوو، فیلمی دۆكیومێنتاریی «ماڵ ره‌شه‌» له‌ ده‌رهێنانی فرووغ، ته‌نانه‌ت له‌ فێستیڤاڵه‌ جیهانییه‌كانی ئه‌و كاته‌دا خه‌ڵاتیش كرا.

فیلمه‌كه‌ له‌ گۆشه‌نیگایه‌كی شاعیرانه‌وه‌، ژیانی تاڵی رۆژانه‌ی كۆمه‌ڵێك كه‌س و خێزان ده‌گێڕێته‌وه‌ كه‌ به‌ هۆی نه‌خۆشیی گولی له‌ كۆمه‌ڵگا و شار دوورخراونه‌ته‌وه‌.

فرووغ له‌ پێناوی سه‌لماندنی خۆی، وه‌ك تاكێكی خاوه‌ن مافی ئازادیی بیركردنه‌وه‌ و دواجار وه‌ك ژنێك، هه‌م به‌ واتا مرۆڤانه‌كه‌ی و هه‌م به‌ واتای جه‌سته‌، خه‌باتی زۆری كرد و له‌و خه‌باته‌دا و له‌ به‌رده‌م وه‌رزی ساردی ژیانیدا كه‌ پڕ بوو له‌ ناكامی و دابڕان و عه‌شقی بێئه‌نجام و تانه‌ و توانج و بوختان، خۆی به‌ تاك و ته‌نها ده‌بینی. سه‌ره‌ڕای ته‌نیایی و سه‌رما و شه‌خته‌به‌ندی وه‌رزه‌ كورته‌كه‌ی ژیانی، ئیمانی به‌ خۆی هێنا و قه‌ت نه‌وه‌ستا و وه‌ك «سوهراب سپێهری» شاعیری هاوڕێ و هاوچه‌رخی بۆی نووسی:

**«ئه‌و مه‌زن بوو و خه‌ڵكی ئه‌م رۆژگاره‌ بوو و په‌یوه‌ندیی هه‌بوو له‌گه‌ڵ هه‌رچی ئاسۆی كراوه‌دا»**



## «له‌دایكبوونێكی دیكه‌»

■ فرووغ فه‌ڕوخزاد | و: شادی نیكخا

هه‌موو هه‌ست و نه‌ستی من ئایه‌تێكی تاریكه‌
كه‌ تۆ له‌ خۆیدا به‌رده‌وام
بۆ به‌ره‌به‌یانی پشكووتنه‌كان و شینبوونه‌ ئه‌به‌دییه‌كان ده‌بات
من له‌م ئایه‌ته‌دا
تۆم به‌ ئاه هه‌ڵكێشا ئاه..
من له‌م ئایه‌ته‌دا
تۆم گرێ دا به‌ دره‌خت و ئاو و ئاگره‌وه‌
***
ژیان ره‌نگه‌
شه‌قامێكی درێژه‌ كه‌ هه‌موو رۆژێك
ژنێك به‌ سه‌به‌ته‌یه‌كه‌وه‌ پێیدا تێده‌په‌ڕێت
ژیان ره‌نگه‌
په‌تێكه‌ كه‌ پیاوێك به‌ لقێكدا خۆی پێ هه‌ڵده‌واسێت
ژیان ره‌نگه‌ منداڵێكه‌ له‌ قوتابخانه‌ دێته‌وه‌
ژیان ره‌نگه‌ پێكردنی جێگه‌ره‌یه‌ك بێت
له‌ مه‌ودای ته‌زێنه‌ری نێوان دوو جووتبووندا
یان تێپه‌ڕینی گێژی رێبوارێك بێت
كه‌ كڵاوه‌كه‌ی داده‌گرێ و
به‌ رێبوارێكی تر، به‌ بزه‌یه‌كی بێواتاوه‌ ده‌ڵێت:
«به‌یانی باش»
ژیان ره‌نگه‌ ئه‌و چركه‌ به‌ربه‌ستكراوه‌یه‌
كه‌ نیگای من، له‌ گلێنه‌ی چاوی تۆدا،
خۆی وێران ده‌كات و
ئه‌وه‌ هه‌ستێكی تێدایه‌
كه‌ من له‌گه‌ڵ شعووری مانگ و
تێگه‌یشتنی تاریكی، ئاوێته‌ی ده‌كه‌م
***
له‌نێو ژوورێكدا كه‌ هێنده‌ی ته‌نیاییه‌كه‌
دڵی من
كه‌ به‌قه‌ده‌ر ئه‌وینێكه‌
له‌ گرووه‌ ساكاره‌كانی به‌خته‌وه‌ریی خۆی راماوه‌
له‌ فه‌نابوونی جوانی گوڵه‌كان له‌ گوڵداندا
له‌و نه‌مامه‌ی تۆ له‌ باخچه‌كه‌ماندا رواندووته‌ و
له‌ ئاوازی كه‌نارییه‌كان
كه‌ به‌قه‌ده‌ر په‌نجه‌ره‌یك ده‌جریوێنن
ئاه..
به‌شی من ئه‌مه‌یه‌
به‌شی من ئه‌مه‌یه‌
به‌شی من په‌نجه‌ره‌یه‌كه‌ كه‌ هه‌ڵواسینی په‌رده‌یه‌ك، لێم زه‌وت ده‌كات
به‌شی من دابه‌زینه‌ له‌ پلیكانه‌یه‌كی چۆڵ و
گه‌یشتن به‌ شتێك، له‌ داڕزین و غوربه‌تدا
به‌شی من پیاسه‌یه‌كی خه‌ماوییه‌ له‌ باخی یادگارییه‌كاندا و
گیانسپاردنه‌ له‌ په‌ژاره‌ی ده‌نگێكدا كه‌ پێم ده‌ڵێت:
«ده‌سته‌كانتم
خۆش ده‌وێ»
ده‌سته‌كانم له‌نێو باخچه‌دا ده‌چێنم
شین ده‌بم، ده‌زانم، ده‌زانم، ده‌زانم
جا په‌ره‌سێلكه‌كان له‌ چاڵی په‌نجه‌ مه‌ره‌كه‌باوییه‌كانمدا
هێلكه‌ ده‌كه‌ن

***
گواره‌یه‌ك ده‌كه‌مه‌ هه‌ردوو گوێم
له‌ دوو گێلاسی سووری جمكانه‌ و
به‌ په‌ڕه‌ی گوڵی دالیا، نینۆكم ده‌نه‌خشێنم
***
كۆڵانێك هه‌یه‌ كه‌ له‌وێ
ئه‌و كوڕانه‌ی عاشقی من بوون، هێشتا
به‌ هه‌مان قژی شێواو و ملی باریك و قاچی له‌ڕه‌وه‌
بیر له‌ زه‌رده‌خه‌نه‌ی پاكی كیژۆڵه‌یه‌ك ده‌كه‌نه‌وه‌
كه‌ شه‌وێكیان، با ئه‌وی له‌گه‌ڵ خۆی برد
***
كۆڵانێك هه‌یه‌ كه‌ دڵی من
له‌ گه‌ڕه‌كه‌كانی منداڵیم دزیویه‌تی
***
سه‌فه‌ری بارستاییه‌ك له‌ هێڵی زه‌مه‌ندا و
به‌ بارستاییه‌ك، دووگیانكردنی هێڵی وشكی زه‌مه‌ن
بارستاییه‌ك له‌ وێنه‌یه‌كی وشیار
كه‌ له‌ میوانیی ئاوێنه‌یه‌ك دێته‌وه‌
***
به‌م چه‌شنه‌یه‌
كه‌ كه‌سێك ده‌مرێ و
كه‌سێك ده‌مێنێ
***
هیچ راوچییه‌ك له‌ جۆگه‌له‌یه‌كی بچووكدا
كه‌ ده‌ڕژێته‌ نێو چاڵێك
مرواریی بۆ ناگیرێت
***
من په‌رییه‌كی بچكۆلانه‌ی دڵته‌نگ ده‌ناسم
كه‌ ماڵی له‌ ئۆقیانووسێكدایه‌ و
دڵی له‌ باڵه‌بانێكی دارینداا
ده‌ژه‌نێ هێور، هێور
په‌رییه‌كی بچكۆلانه‌ی دڵته‌نگ
كه‌ شه‌و به‌ ماچێك ده‌مرێت و
به‌یان به‌ ماچێك له‌دایك ده‌بێته‌وه‌ .

# عاشقێكی یاخی، یان شاعیرێكی فێمینیست؟

■ ئیلهام ئه‌سعه‌دی
و. ئه‌ده‌ب و كولتوور

فرووغ فه‌ڕوخزاد، شاعیری هاوچه‌رخی شیعری نوێ، به‌پێچه‌وانه‌ی ژیانه‌ ته‌مه‌نكورته‌كه‌ی، ده‌ستێكی نوێ و به‌هێزی له‌ شیعردا به‌جێهێشت. ئه‌و به‌ دووركه‌وتنه‌وه‌ی له‌ كۆمه‌ڵێك كۆتوبه‌ندی ژیانی سوننه‌تی، كه‌وته‌ به‌رده‌م توندترین ره‌خنه‌ و گازنده‌كانی رۆژگار.

له‌ سه‌رده‌مێكدا كه‌ ره‌وتی رۆشنبیری له‌ ئێران، هه‌وڵی به‌مۆدێرنكردنی كۆمه‌ڵگای ئێرانیی ده‌دا و هیچ نوێبوونه‌وه‌یه‌كی فه‌رهه‌نگیش له‌ پشت ئه‌و مۆدێرنیزاسیۆنه‌وه‌ نه‌بوو، ده‌ستی كرد به‌ ره‌خنه‌گرتن له‌و ناهاوسه‌نگییه‌ و به‌ «یاخیبوون*» له‌ حه‌شاردانی هه‌سته‌ ژنانه‌كان و ده‌رچوون له‌ رێسا باوه‌كانی پیاوسالاری له‌ ئه‌ده‌بی فارسیدا، هه‌نگاوێكی به‌رزی به‌رامبه‌ر ئه‌و ره‌وته‌ هاوێشت.

هزر و ئه‌ندێشه‌ی فرووغ كه‌ له‌ شیعره‌كان و نامه‌كانیدا ره‌نگ ده‌داته‌وه‌، نیشانه‌ی بڕوای قووڵی ئه‌وه‌ بۆ به‌رزكردنه‌وه‌ی پێگه‌ی ژن و هه‌موو هێز و وره‌ی خۆیشی ده‌خاته‌ ئه‌و پێناوه‌. به‌ڵام به‌ به‌راورد به‌ نموونه‌ ئه‌ورووپییه‌كان، كه‌ له‌و رێگایه‌دا هه‌وڵیان داوه‌، فرووغ هێنده‌ سه‌ركه‌وتوو نابێت. گه‌رچی ئاسۆیه‌كی زۆر روون بۆ نه‌وه‌كانی پاش خۆی جێده‌هێڵێ.

فرووغ به‌ ژنانه‌گوتنی تایبه‌تی خۆی، به‌ روانین و هه‌ست و تێگه‌یشتنێكی هاوبه‌ش، رووداوه‌كانی ناوه‌وه‌ و ده‌ره‌وه‌ی خۆی ده‌هۆنێته‌وه‌. ئه‌و بۆ یه‌كه‌مجار له‌ ئه‌ده‌بی فارسیدا، هه‌ست و هۆگرییه‌ ژنانه‌كانی خۆی، به‌ ده‌ربڕینێكی ژنانه‌ له‌ شیعره‌كانیدا ده‌گێڕێته‌وه‌ و به‌ نه‌خشاندنی سیمای خۆی له‌ به‌رهه‌مه‌كانیدا، ئه‌ده‌بی ژنانه‌ی ئێران بونیات ده‌نێت.

هه‌تا پێش فرووغ، زاڵبوونی زمان و گێڕانه‌وه‌ و ته‌نانه‌ت روانینی پیاوانه‌ به‌سه‌ر شاعیرانی ژنه‌وه‌ به‌رچاو بوو، شاعیرگه‌لێكی وه‌ك «په‌روین ئیعتسامی» بۆ ئه‌وه‌ی بخوێنرێنه‌وه‌ و وه‌ربگیرێن، هه‌وڵیان ده‌دا پێناسه‌ی ژنانه‌ی خۆیان بشارنه‌وه‌ و ملكه‌چی گوتاری پیاوسالارانه‌ ده‌بوون.

فرووغ یه‌كه‌م كه‌س بوو كه‌ له‌ شیعردا ده‌ستی دایه‌ وێناكردن و نه‌خشاندنی جه‌سته‌ی ژنانه‌ی خۆی:

ده‌كرێ له‌ نێو دوو باسكی زاڵی پیاوێكدا/ مێیینه‌یه‌كی جوان و ته‌ندروست بیت/ به‌ دوو مه‌مكی درشتی توندەوه‌ – (بووكیله‌ی قورمیشكراو، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «ژیانه‌وه‌» 1962)

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ ناوه‌رۆكی تاكگه‌رایانه‌ی ئه‌و، له‌ زۆرینه‌ی به‌رهه‌مه‌كانیدا، نیشانه‌ی تێكۆشانی فرووغن بۆ سه‌لماندنی «من»ی ژنانه‌ی خۆی له‌ كۆمه‌ڵگا و به‌هه‌مان شێوه‌ له‌ ئه‌ده‌بیاتدا. ئه‌و به‌ به‌رده‌وامی خه‌ریكی پێناسه‌كردنی خۆی و بانگه‌وازكردنه‌ بۆ هه‌سته‌ تاكه‌كه‌سییه‌كانی خۆی و هه‌وڵ بۆ وێناكردنی سیمای له‌رزۆك و ناجێگیری ژنی هاوچه‌رخ ده‌دات.

«ئه‌مه‌ منم/ ژنێك ته‌نیا/ له‌ ده‌رگانه‌ی وه‌رزێكی سارد/ له‌ سه‌ره‌تای پێزانینی بوونی پیسی زه‌وی و/ بێهیوایی سانا و خه‌مناكی ئاسمان و/ ده‌سته‌وسانیی ئه‌م ده‌سته‌ چیمه‌نتۆییانه‌دا» — (ئیمان بێنین به‌ سه‌ره‌تای وه‌رزی سارد، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعرێك به‌ هه‌مان ناو، 1963)

كاراكته‌ری فیمێنیستیی فرووغیش له‌ هه‌مان سه‌ركێشی و یاخیبوونیدا ده‌بینرێته‌وه‌، چونكه‌ به‌رهه‌مه‌كانی به‌ته‌واویش له‌گه‌ڵ بیرۆكه‌ فێمینیستییه‌كان یه‌ك ناگرنه‌وه‌. فێمینیزمی رۆژئاوایی، به‌ خراپه‌ باسی ویستنی ره‌گه‌زی به‌رامبه‌ر و هۆگریی سۆزدارانه‌ بۆ پیاو ده‌كات و هه‌وڵ بۆ پچڕاندنی به‌ته‌واویی ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ ده‌دات. به‌ڵام له‌ به‌شی زۆری شیعره‌كانی فرووغدا، هۆگری بۆ ره‌گه‌زی به‌رامبه‌ر و ئاماده‌بوونی مه‌عشووقی نێر، به‌رچاوه‌ و په‌رۆشبوون و په‌ژاره‌ی فرووغ له‌ جیابوونه‌وه‌ و شكستی عیشقیی خۆی، له‌ توێ توێی شیعره‌كانیدا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌.

«شادم كه‌ به‌ بڵێسه‌ی تۆ ده‌سووتێم / شادم كه‌ له‌ یادی تۆدا ده‌گریم/ شادم كه‌ پاش گه‌یشتن به‌ تۆش هێشتا/ به‌م شێوه‌یه‌/ له‌ ئه‌وینی هه‌رمانی تۆدا ده‌گریه‌م» — (چرۆی خه‌م، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «دیوار» 1956)

«من ده‌مردم له‌ تۆدا/ كه‌چی تۆ ژینی من بووی/ تۆ له‌گه‌ڵ من ده‌چووی/ تۆ له‌ مندا گۆرانیت ده‌گوت...» (من له‌ تۆدا ده‌مردم، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «ژیانه‌وه‌» 1962)

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ ئه‌و به‌رامبه‌ر سیسته‌می پیاوسالاری و زاڵبوونی ئه‌و سیسته‌مه‌ به‌سه‌ر په‌یوه‌ندییه‌كانی ژن و پیاودا له‌ ئێران، ده‌نگ هه‌ڵده‌بڕێت و به‌ روونی و بوێرانه‌، باسی ئه‌و بابه‌تانه‌ ده‌كات كه‌ باسكردنیان له‌ پاوانی پیاواندا بووه‌ و بێزاربوونی خۆی له‌ روانینی ئامێرییانه‌ بۆ ژن، ده‌رده‌بڕێت.

«وه‌ره‌ ئه‌ی پیاو، ئه‌ی بوونه‌وه‌ری له‌خۆبایی/ وه‌ره‌ ده‌رگای قه‌فه‌زه‌كان بكه‌وه‌/ ئه‌گه‌ر ته‌مه‌نێك به‌ندت كردم/ چیدی رزگارم بكه‌ بۆ ئه‌م تاكه‌ هه‌ناسه‌یه‌» — (یاخیبوون، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «ئه‌سیر» 1952)

توخمێكی دیكه‌ كه‌ بۆ یه‌كه‌مجار له‌ شیعری فرووغدا ده‌بینرێت، وێناكردنی مه‌عشووقی پیاو و باسكردنی ئه‌وه‌.

«مه‌عشووقی من/ به‌و جه‌سته‌ رووته‌ بێشه‌رمه‌وه‌/ به‌سه‌ر پووزه‌ به‌هێزه‌كانیه‌وه‌/ وه‌ك مه‌رگ وه‌ستا» — (دڵداری من، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «ژیانه‌وه‌» 1962)

گه‌رچی ئه‌و وێنه‌یه‌ی كه‌ فرووغ له‌م شیعره‌دا سه‌باره‌ت به‌ مه‌عشووقی پیاو ده‌یخاته‌ روو، وێنه‌ی مه‌عشووقێكه‌ له‌ هزر و ناخی ژنی ئێرانیدا. فرووغ زیره‌كانه‌ به‌ باسكردنی تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی پیاوی مه‌عشووق، له‌ گۆشه‌نیگای ژنه‌وه‌، به‌شێكی زۆری په‌یوه‌ندیی سۆزدارانه‌ی ژنان به‌رامبه‌ر پیاوان باس ده‌كات و به‌ زمانێكی توانجه‌وه‌، ره‌خنه‌ له‌ راهاتنی ژنان به‌و جۆره‌ په‌یوه‌ندی و هه‌ڵسوكه‌وته‌ نادادگه‌رانه‌یه‌ ده‌گرێت.

«دڵداره‌كه‌ی من/ وه‌كو سروشت/ واتایه‌كی پێویستی راشكاوانه‌ی هه‌یه‌/ ئه‌و به‌ شكاندنی من/ یاسای راستگۆیانه‌ی ده‌سه‌ڵات پشتڕاست ده‌كاته‌وه‌/ ئه‌و به‌شێوه‌یه‌كی دڕندانه‌ ئازاده‌/ وه‌ك غه‌ریزه‌یه‌كی ته‌ندروست/ له‌ قووڵایی دورگه‌یه‌كی چۆڵه‌وانیدا..» – (دڵداری من، له‌ ده‌فته‌ره‌ شیعری «ژیانه‌وه‌» 1962)

باسكردن له‌ هه‌موو گۆشه‌كانی فیمێنیزم له‌ شیعری فرووغدا له‌ توانای ئه‌م گوتاره‌دا نییه‌، به‌ڵام فرووغ له‌ هه‌ناوی خۆیدا، هه‌واڵی وه‌رچه‌رخانی ئه‌ندێشه‌ راده‌گه‌یه‌نێت.

*** لێره‌دا ئاماژه‌یه‌ هه‌م بۆ ده‌فته‌ره‌ شیعری یاخیبوون (عصیان)ی فرووغ فه‌ڕوخزاد، هه‌م بۆ سه‌ركێشیی خودی فرووغیش.**